# ڕاپۆرتی لە مارسەوە هەتا مارس، دەستبەسەر کرانی ٣٨ ژن، سەپاندنی حوکمی بەندکران بەسەر ٧ چالاکی ژن و لەسێدارە دانی ٤ ژن لە کوردستاندا + فایلی PDF

هەنگاو: بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو ڕاپۆرتێکی ئاماری لەسەر دەستەبسەر کران، سەپاندنی حوکم و لەسێدارەدانی ژنان لە کوردستان دا بڵاو دەکاتەوە.

بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە مارسی ٢٠١٩ هەتا مارسی ٢٠٢٠، لانیکەم ٣٨ ژنی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون . هەروەها ٧ چالاکی ژن لەلایەن دەزگای دادوەریی حکوومەتەوە حوکمی بەندکرانیان بە سەردا سەپاوە و حوکمی سێدارەی ٤ ژنی کوردیش جێبەجێ کراوە.

## دەستبەسەر کرانی ٣٨ ژن

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٣٨ ژن لە شارە جیاجیاکانی کوردستان لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەر کراو کە زۆربەیان بە هۆی چالاکی سیاسی بووە و زیاترین ژمارەی ژنانیش لە پارێزگای سنە دەستبەسەر کراون.

سێ کەس لەو ژنانە لەو ماوەیەدا دووجار دەستبەسەر کراون، واتە سەرجەم ٣٥ ژن دەستبەسەر کراون کە سێ کەسیان لە دوو کاتی جیاوازدا دەستبەسەر کراون.

## هۆکاری دەستبەسەر کردن

چالاکی سیاسی: ٢٥ حاڵەت کە دەکاتە ٦٦٪ی کۆی حاڵەتەکان

چالاکی مەدەنی: ١١ حاڵەت کە دەکاتە ٣٢٪ی کۆی حاڵەتەکان
بەهۆی چالاکی ئەندامانی دیکەی بنەماڵە: ٢ حاڵەت کە دەکاتە ٢٪ی کۆی حاڵەتەکان

**جیاکردنەوە بە پێی پارێزگاکان**

پارێزگای سنە: ١٨ حاڵەت
پارێزگای ئورمیە: ١٣ حاڵەت
پارێزگای کرماشان: ٥ حاڵەت
پارێزگای ئیلام: ١ حاڵەت
پارێزگای لورستان: ١ حاڵەت
پارێزگای مازەندەران: ١ حاڵەت

## سەپاندنی حوکمی بەندکران

لە ماوەی مارسی ٢٠١٩ هەتا مارسی ٢٠٢٠ و بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری هەنگاو، لانیکەم ٧ چالاکی ژنی کورد لەلایەن دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئێرانەوە سەرجەم حوکمی ٢٠ ساڵ و ٩ مانگ بەندکرانیان بە سەردا سەپاوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ئەو ٧ کەسە بە تۆمەتی چالاکی سیاسی و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی ئۆپۆزێسیۆنی ئێران حوکمی بەندکرانیان بە سەردا سەپاوە.

## سێدارە

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا لانیکەم حوکمی سێدارەی ٤ ژنی کورد لە بەندیخانەکانی سنە، مەهاباد و ئورمیە جێبەجێ کراوە.

ئەو چوار ژنە سەرجەمیان بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست دەستبەسەر و لەلایەن دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئێرانەوە حوکمی سێدارەیان بە سەردا سەپابوو.

### لیستی ئەو ژنانەی کە لەمارسی ٢٠١٩ تا مارسی ٢٠٢٠ دەستبەسەر کراون

| ڕیز | ناو و ناوبانگ | خەڵکی | تۆمەت | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مینو فەشی | کەنگاوە | مەدەنی | مارس |
| ٢ | سەیران سەعیدپوور | سنندج | مەدەنی | ٧.٣.٢٠١٩ |
| ٣ | زارا محەمەدی | دێولان | مەدەنی | ٨.٣.٢٠١٩ |
| ٤ | مەقبولە سکانوەند | ماکۆ | سیاسی | مارس |
| ٥ | زولەیخا سادات نژاد | مەهاباد | سیاسی | ٢٩.٣.٢٠١٩ |
| ٦ | سارا زەحمەتکەش | پاوە | مەدەنی | ١٦.٥.٢٠١٩ |
| ٧ | مۆژە مەردووخی | مەریوان | مەدەنی | ١٦.٥.٢٠١٩ |
| ٨ | دیمەن فەتحی | مەریوان | مەدەنی | ١٦.٥.٢٠١٩ |
| ٩ | سومەیە رووزبە | مەریوان | مەدەنی | ١٦.٥.٢٠١٩ |
| ١٠ | کۆیار خیشکار | مەریوان | مەدەنی | ١٦.٥.٢٠١٩ |
| ١١ | ئێران ڕاە پەیکەر | مەریوان | سیاسی | ١٤.٥.٢٠١٩ |
| ١٢ | زارا محەمەدی | دێولان | مەدەنی | ٢٣.٥.٢٠١٩ |
| ١٣ | هاوژین سەرمەستی | سنە | چالاکی باوکی | ٢٣.٥.٢٠١٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٤ | دونیا شاڵی | پیرانشار | سیاسی | ژوئیه |
| ١٥ | پەروین ئەدوایی | مەریوان | مەدەنی | ٢٧.٧.٢٠١٩ |
| ١٦ | ژیران حەمزەیی | بانە | چالاکی کوری | ٢٢.٩.٢٠١٩ |
| ١٧ | ژاکا ئیسماعیلپوور | بۆکان | سیاسی | ١٤.١٠.٢٠١٩ |
| ١٨ | کەوسەر ئیسماعیلی | ئورمیە | سیاسی | ١٣.١٠.٢٠١٩ |
| ١٩ | سومەیە ساکانی | ئورمیە | سیاسی | ١٣.١٠.٢٠١٩ |
| ٢٠ | سەیدا نەجەفیان | ئورمیە | سیاسی | ئۆکتۆبر |
| ٢١ | پەریسا سەیفی | کامیاران | سیاسی | نۆڤەمبر |
| ٢٢ | مەهین ڕازق | ئیلام | سیاسی | ١٦.١١.٢٠١٩ |
| ٢٣ | فاتمە داوەند | بۆکان | سیاسی | ١٦.١١.٢٠١٩ |
| ٢٤ | ئیحترام ئیقباڵی | شاباد | سیاسی | ١٧.١١.٢٠١٩ |
| ٢٥ | شیما ئیبراهیمی | سنە | سیاسی | ٢٧.١١.٢٠١٩ |
| ٢٦ | موژگان کاووسی | کەلاردەشت | سیاسی | ١٨.١١.٢٠١٩ |
| ٢٧ | فریشتە چراغی | سەرپێلی زەهاو | سیاسی | ٢٩.١١.٢٠١٩ |
| ٢٨ | نادیا سوبحانی | جوانڕۆ | سیاسی | دێسامبر |
| ٢٩ | ئانیسا جەعفەری مێهر | شاباد | مەدەنی | ١٧.١٢.٢٠١٩ |
| ٣٠ | لەیلا تیراندر | سنە | سیاسی | ٢٨.١٢.٢٠١٩ |
| ٣١ | مەعسوومە سولەیمانی | خورەمئاوا | سیاسی | نۆڤەمبر |
| ٣٢ | هاجەر ئاردسی | ماکۆ | سیاسی | ئاگۆست |
| ٣٣ | ساوێن مەحمودیان ڕاد | سەردەشت | سیاسی | دێسامبر |
| ٣٤ | سەیران خەرامیدە | سنە | مەدەنی | ١٠.١.٢٠٢٠ |
| ٣٥ | فەریدە وەیسی | دێولان | مەدەنی | ١٤.١.٢٠٢٠ |
| ٣٦ | پەروین ئەدوایی | مەریوان | سیاسی | ٣٠.١.٢٠٢٠ |
| ٣٧ | ژاکا ئیسماعیل پوور | بۆکان | سیاسی | ٢٩.١.٢٠٢٠ |
| ٣٨ | زەینەب ئیسماعیلی | دێولان | سیاسی | ٢٧.٢.٢٠٢٠ |
| ٣٩ | | | | |
| ٤٠ | | | | |

## سەپاندنی حوکمی بەندکران بەسەر ژنان لە ٢٠١٩ دا

| ڕیز | ناو و ناوبانگ | خەڵکی | تۆمەت | حوکم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ژیران ڕاه پەیکەر | مەریوان | سیاسی | ٣ ساڵ |
| ٢ | مەقبوولە سکانوەند | ماکۆ | سیاسی | ١ ساڵ |
| ٣ | شەیدا نەجەفیان | حورمیە | سیاسی | ٥ ساڵ |
| ٤ | موژگان کاووسی | کەلاردەشت | سیاسی | ٥ساڵ و ٩ مانگ |
| ٥ | ژاکا ئیسماعیل پوور | بۆکان | سیاسی | ٣ ساڵ |
| ٦ | پەروین ئەدوایی | مەریوان | سیاسی | ٢ ساڵ |
| ٧ | فەرزانە جەلالی | نەوسوود | سیاسی | ١ ساڵ |
| ٨ | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | | | | |
| ١٠ | | | | |

## ناوی ئەو ژنانەی کە لەسێدارە دراون

| ریز | ناو و ناوبانگ | خەڵکی | بەندیخانەی | تۆمەت | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەلیحە ساڵحیان | میاندواو | مەهاباد | کوشتنی ئەنقەست | ١٦.٧.٢٠١٩ |
| ٢ | ئاراستە ڕەنجبەر | ئورمیە | ئورمیە | کوشتنی ئەنقەست | ٢٣.٧.٢٠١٩ |
| ٣ | نازدار وەتەنخا | ئورمیە | ئورمیە | کوشتنی ئەنقەست | ٢٣.٧.٢٠١٩ |
| ٤ | لەیلا زەرئەفشان | سنە | سنە | کوشتنی ئەنقەست | ٢٦.٩.٢٠١٩ |
| ٥ | | | | | |

Hengaw
Human Rights
Hengaw Organization for Human Rights